بە پاڕێشتی و ئامادەبوونی سەرۆک وەزیران کۆنفرانسی وزەی عێراق دەستپێکرد

ئەمڕۆ سێشەمە کۆنفرانسی وزەی عێراق بە ئامادەبوونی محەمەد شیاع سودانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە بەغدای پایتەخت دەستپێکرد.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆک وەزیران ڕایگەیاند، "چالاکییەکانی کۆنفرانسەکە بە ئامادەبوونی سەرۆکوەزیران و ژمارەیەک وەزیر و بەرپرس دەستپێکردووە"، ئاماژەی بەوەشکرد، "ئامانجی کۆنفرانسەکە گفتوگۆیەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان حکومەت وکەرتی تایبەت بە پەرەپێدانی پڕۆژەکانی وەبەرهێنانی وزە و تیشک خستنە سەر و بەرزکردنەوەی هاوبەشی گەشەپێدانی بەردەوام و وەبەرهێنان" .